3- بەهیچ جۆرێك لەدووتوێی نامەکانی SMS دا ژمارەی تەلەفۆنی کەسان بڵاوناکرێتەوە بۆ مەبەستی یەکترناسین ، تەنها ئەو SMS انە نەبێت کە ریکلام و بانگەشەی بازرگانین.

4- پێویستە تەنها یەك تولبار و شریتی SMS لەسکرینەکەدا هەبێت جگە لەو تەلەفزیۆنانەی کە وێنەی جوڵاویان نییە.

**ماددەی ( 10 ) :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**کاوە مەحمود**
**وەزیری رۆشنبیری و لاوان**

**هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەم ڕێنماییە**

هەرێمی کوردستان بوژانەوەیەکی گەورەی سیاسی ، ئابووری ، کەلتوری ، کۆمەڵایەتی و بازرگانی بەخۆیەوە دەبینێت ، فراوانبوونی رەهەندەکانی رادەربڕینیش هاودەم و تەواوکەری ئەم بوژانەوەو پێشکەوتنە مەزنەیە ، بنەمای ئەم پێشکەوتنەش پاراستنی ئازادی راگەیاندن و رادەربڕین و نەبوونی سانسۆرە ، ئەم پێشکەوتنەی کە لە هەموو بوارەکاندا هەیە وایکردووە بواری راگەیاندنی بیستراو و بینراویش گەشەیەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت و رایەڵەکانی لە زۆربووندا بێت بەجۆرێك کە پێویست بەوە دەکات ڕێنماییەك دەربکرێت بۆ ئەوەی کارکردنی ئەو رایەڵانە بەرێنمایی لەسەر رۆشنایی یاساکانی هەرێمی کوردستاندا ڕێك بخرێت ، ئەم ڕێنماییانە هاندەرێکە بۆ پشتگیریکردن و جێگیرکردنی کاری پرۆفیشناڵ و کوالێتی بەرز لە کاری راگەیاندنی بیستراو و بینراودا.

**سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان**
**ژمارە :** 6 **لە** 2014/1/11

**ڕێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

پشت بەست بە دەقی ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە (44)ی ساڵی 2004 یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ، ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان لە کۆبوونەوەی یاسایی خۆی ژمارە ( 152 ) لە ڕێکەوتی 2014/1/11 ئەم ڕێنماییەی دەرکرد :-

1- دەرچووانی کۆلێژە ئەهلییەکانی دەرمانسازیی لە ناو عێراقدا پێویستە تاقیکردنەوەی توانستیی زانستیی لەلایەن لیژنەیەکی زانستیی سەر بە ئەنجوومەنی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان ئەنجام بدەن بەمەبەستی وەرگرتنیان بە ئەندام و دەستدانە پیشەی دەرمانسازیی لەهەرێم.

2- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**د.ئەمیر شیت چەلەبی**
**نەقیبی دەرمانسازانی کوردستان**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**ژمارە :** 157 **لە** 2013/12/24

**بەیان**

دابەدوای ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە جێ بەجێ کردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە 2011/8/17 کەلە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (170) لە 2013/11/7 بڵاوکراوەتەوە ، وە لەبەر ئەوەی پڕۆژە یاسای چارەسەرکردنی گرفتی زیادەڕەوەی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە و قۆناغەکان تەواو بوە هەروەها لەبەر دەرچوونی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو خانووە نیشتەجێ یانەی دەکەونە حەرەمی گوندەکان لە ناو سنووری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (12)ی ساڵی 2012 و دەرچوونی ڕێنمایی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی یاسای سەرەوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وە بۆ ئەوەی هیچ هاودژیەك لەگەڵ ئەم یاسا و ڕێنماییانە روونەدات

- بڕیارماندا بە ڕاگرتنی ڕێنمایی تایبەت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (9052) لە2011/8/17.

**ئەندازیار/ دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( 21 )ی ساڵی** 2013